# زانكۆی كۆمار بۆ زانست و تەكنەلۆجیا

# پەیڕەونامەی كارمەند

ئەم نامیلكەیە سەرچاوەی سەرەكی ڕێساورێنماییەكانی زانكۆیە بۆ كارمەندانی، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ماف و ئەركەكانیانەوە، لە ڕێبەری كردنیان، هەڵسەنگاندنی ئەرك و ڕەفتاریان و گەشەپێدانی تواناكانیان.

بەشی كارگێری و سەرچاوە مرۆییەكان \ چاپی سێهەم مارتی 2013

## بەشی یەکەم: دەروازە ( 7 – 11 )


**1.1 ڕێساو ڕێنمایی تایبەت بە کارمەند (7 – 8 )**

A1.1. بەشەکانی پەیڕەو نامە.....................................................................

B.1.1 مەبەست لەم ڕێساو ڕێنماییانە ..............................................................

C.1.1 ڕوونکردنەوەکان.............................................................................

D.1.1 هەموارکردن.................................................................................

E.1.1 دەسپێشخەری...............................................................................

F.1.1 وەرزی پێداچوونەوە.........................................................................

G.1.1 بلاّوکردنەوەی هەموارکردنەکان..........................................................

**2.1 زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆژیا ( 8 – 10 )**

A.2.1 پێشەکی مێژوویی...........................................................................

B.2.1 دیدی زانکۆ...................................................................................

C.2.1 پەیامی زانکۆ.................................................................................

D.2.1 ئامانجەکانی زانکۆ..........................................................................

E.2.1 بەها و پێوەرە ئاکارییەکان...................................................................

بەشی دووەم: پێساکان ( 12 – 25 )

1.2 یەکە کارگێڕییەکان ( 12 – 14 )

A.1.2 کارمەند بە دەوامی تەواو.........................................................................................

B.1.2 کارمەند بە نیوە دەوام...............................................

C.1.2 کارمەند بە گرێبەست .. .........................................

2.2 ناونیشانی پۆست و کارنامە ( 14 )

A.2.2 کارگێڕی...........................................................................................................

B.2.2 یاریدەدەری سەرۆك بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی ..................................................

C.2.2 بەڕێوەبەری بەش.................................................................................................

D.2.2 یاریدەدەری بەڕێوەبەر...........................................................................................

E.2.2 سەرپەرشتیار........................................................................................................

F.2.2 رێکخەر..............................................................................................................

3.2 گرێبەستی کارمەند ( 14 )

A.3.2 کارمەند بە دەوامی تەواو.......................................................................................

B.3.2 .کارمەند بە نیوە دەوام............................................................................................

4.2 سەرچاوە گرێبەستەکانی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا ( 15 )

5.2 مەرجەکانی خزمەتگوزاری ( 15)

6.2 پڕکردنەوەی پۆستەکان بە دەوامی تەواو ( 15 )

**7.2 لێژنەی بەدواداگەڕان** ( 15 )

**8.2 بەر لە دامەزراندن** ( 16 )

**9.2 دامەزراندن** ( 16 )

**10.2 پەسەندکردنی دامەزراندن** ( 16 )

**11.2 ماف و ئەرکەکانی کارمەند** ( 16 – 22 )

**A.11.2 مافەکان**

A1.11.2 سیاسەتی جیاوازی نەکردن..................................................................

A2.11.2 مووچە..................................................................

A3.11.2 زیادکردنی ساڵانەی مووچە و پاداشت..................................................................

A4.11.2 مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی نەخۆشی..................................................................

A5.11.2 خانەنشینی..................................................................

A6.11.2 پشووە فەرمییە..................................................................

A7.11.2 دڵنیایی تەندروستی..................................................................

A8.11.2 تانەنەلێدان بۆ کارمەند..................................................................

A9.11.2 ناسنامەی زانکۆ..................................................................

**B.11.2 ئەرکەکان**

B1.11.2 بەرپرسیارێتییە..................................................................

B2.11.2 کارکردن..................................................................

B3.11.2 ئامادە بوون..........................................................................................
B4.11.2 چالاکییەکانی دەرەوەی کارکردن........................................................................
B5.11.2 ئاکاری پیشەیی و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان..................................................
B6.11.2 هەڵسوکەوتی پیشەییانە......................................................................................
B7.11.2 ئاکاری پیشەیی...................................................................................................
B8.11.2 بەرپرسیارێتی ئەخلاقیانەی کارمەند بەرامبەر زانکۆ و کۆمەڵگەی نێو زانکۆ..............................

**12.2 پەرەپێدانی توانای کارمەند ( 22 – 23 )**

A.12.2 راهێنانی پیشەیی.................................................................................................
B.12.2 هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند.................................................................................
C.12.2 ئەو زانیارییانەی کە پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند.............................................
D.12.2 کێش و سەنگی کارە ئەنجامدراوەکان..........................................................................

**13.2 جیاکردنەوەی رێسا و رێنماییەکان ( 24 )**

A.13.2 دەست لەکار کێشانەوە...........................................................................................
B.13.2 لادان لەسەر کار...................................................................................................

**14.4 سکاڵا کردن ( 24 – 25 )**

A.14.4 رێ و شوێنەکانی سکاڵا کردن..................................................................................
B.14.4 جێبەجێکردنەکانی...................................................................................................
C.14.4 پێناسەی سکاڵا......................................................................................................

## بەشی سێیەم: رێنماییەکان ( 26 – 38 )


A. ناسنامەی زانکۆ..................................................................................

B. ناونیشانی پۆست و ئاسەتەکان.......................................................................

C. جێبەجێکردن و پێشخستن.........................................................................

D. رێنمای کارمەند.بە دەوامی تەواو...................................................................

E. لیژنەی بەدواد چوون...............................................................................

F. رێنمایی مۆڵەت وەرگرتن...........................................................................

G. ئامادەبوون.....................................................................................

H. راهێنانی پیشەیی کارمەند.........................................................................

I. هەڵسەنگاندن....................................................................................

J. لانەدان لەسەر کار..............................................................................

K. ریێ و شوێنی سکالاٚ کردن ........................................................................

L . ئاشنابوونی کارمەند..............................................................................



بەشی یەکەم

# دەروازە

## 1.1 ڕێساو ڕێنمایی تایبەت بە کارمەند:

### A.1.1 بەشەکانی پەیڕەونامە

ئەم پەیڕەونامەیە لە سێ بەشدا کۆدەبێتەوە:

– **بەشی یەکەم:** پێشەکی (بابەتە سەرەکییەکان) کە باس لە سروشتی ئەم ڕێساو ڕێنماییانە دەکات و زانیاری گشتی لەسەر زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا (KUST) دەخاتە بەر دەست (پەیام و دید و ئامانج و... هتد).

– **بەشی دووەم:** بەشی سەرەکی ئەم ڕێنماییە دەربارەی ڕێسا و ئەو ڕێ و شوێنانەن کە تایبەتن بە بەڕێوەبردنی کارمەندەکانی زانکۆ.

– **بەشی سێ یەم:** بەشی ڕێنمایی و هاوپێچەکانە کە ئەو وردەکارییانە دەخاتە بەردەست سەبارەت بە ڕێساکانی بەشە سەرەکییەکەی ئەم پەیڕەونامەیە.

### B.1.1 مەبەست لەم ڕێساو ڕێنماییانە

ئەم ڕێنماییە هەموو ئەو ڕێسا سەرەکییانە دەگرێتەوە کە تا ئێستا لە لایەن ئەنجومەنی کارگێڕی زانکۆوە پەسەند کراون، بەمەبەستی فەراهەمکردنی سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەو ڕێسایانەی کە تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروباری کارمەندەکانی زانکۆ. ڕێنماییە ئاماژە پێدراوەکان و گشت بەندە هەموارکراوەکانیشی بەسەر هەموو کارمەندەکانی زانکۆ و هەموو ئەو کۆلێژ و بەشانەیش کە سەر بە زانکۆن جێبەجێ دەکرێت.

### C .1.1 ڕوونکردنەوەکان

**ئەم ڕێسایانەی لەم پەیڕەونامەیەدا** هاتوون هەریەك لە کارمەند و کارگێڕیش دەگرێتەوە. لە باری هەبوونی جیاوازی لە بۆچوون یان ناکۆکیدا، ئەوا هەر یەك لە ئەنجوومەنی زانکۆ و ئەنجوومەنی کارگێڕی ئەو کێشە و ناکۆکییانە یەکلادەکەنەوە لە ڕێی ڕوون کردنەوە و شیکردنەوەی بەندەکان.

### D.1.1 هەموارکردن

دەکرێ ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی لەم نامیلکەیەدا هاتوون هەموار بکرێنەوە. ڕێسا و ڕێنمایی تازە دەرچوو پاشان لە لایەن ئەنجومەنی کارگێڕیی و نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ یان نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆوە، دەسبەجێ

کـارا دەبێـت و دەکەوێتــە بـواری کارپێکردنـەوە. بۆیـە ڕێسـای تـازە دەرچـوو یـان ڕێسـا هـەموارکراوەکان لـە کۆپییـەکی تـری دەرچووی ئەو ڕێنماییانەدا بڵاودەکرێنەوە. لە هەمان کاتیشدا بەسەر هەموو کارمەندەکاندا کاری پێدەکرێت.

### E.1.1 دەسپێشخەری

داواکـاری بـۆ هـەموارکردنی ناميلکـەی تايبـەت بـە کارمەنـد، دەکـرێ لـە لايـەن سـەرۆك يـان لـە سـەر داوای 3/2 ئەنـدامانی ئەنجومــەنی کــارگێڕی زانکــۆوە بکرێــت. ئــەو داواکارييــەش جــۆری هەموارکردنەکــە و هــەموارکردنی پێشــنيازکراو دەگرێتــە خــۆی. پێويسـتە داواکـاری بـۆ هـەموارکردن بـە شـێوازێکی گونجـاو بێـت و بـە فۆرمـاتێکی واش بێـت کـە بگونجێـت لەگـەڵ ئـەو ناميلکەيەدا. داواکاری پێشنيازکراو لەلايەن سەرۆکی زانکۆ ئاڕاستەی ئەنجومەنی کارگێڕی دەکرێت.

### F.1.1 وەرزی پێداچوونەوە

پێداچوونەوەی ئەم ناميلکەيە ناکرێ لە ڕۆژانی پشوو و پشووی وەرزی هاويندا بێت.

### G.1.1 بڵاوکردنەوەی هەموارکراوەکان

نوسـينگەی سـەرۆك بەرپرسـە لـە بڵاوکردنـەوەی هـەموو هـەموارکراوە پەسـەندکراوەکان کـەدەبێت لـە مـاوەی 30 ڕۆژدا گشتاندنی بۆبکرێت.

## 2.1 زانکۆی کۆمار بۆ زانست وتەکنەلۆجيا :

### A.2.1 پێشەکی مێژوويی

زانکـۆی کۆمـار بـۆ زانسـت و تەکنـەلۆجيا، زانکۆيـەکی ئـەهلی سـەربەخۆيە، لەسـەر مـۆدێلێکی جيهـانی دامـەزراوە، پـەيڕەوی سيسـتەمی کاتـژمێر (credit ahour) دەکـات و زمـانی فـەرمی خوێنـدن تێيـدا ئينگليزييـە. زانکـۆ کەسـانی پسـپۆر لـە بوارەکـانی زانسـتە کردەييـەکان، بيـزنس (Business)، ئەنـدازياری و ئەنـدازياری تـەکنۆلۆجيا لەسـەر ئاسـتی بـەکالۆريۆس پـێ دەگەيـەنێت. زانکـۆی کۆمـار بـۆ زانسـت و تـەکنۆلۆجيا مۆڵـەتی فـەرمی دامەزرانـدنی لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو توێژينـەوەی زانسـتی حکومـەتی هـەرێمی کۆمـار بـە پێـی نووسـراوی ژمـارە ( 17867/ 7) لـە بـەرواری (2009/10/18)

وەرگرتووە. زانکۆی کۆمار بۆ زانست وتەکنۆلۆجیا یەکەمین کلاسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە هاوینی 2010 دەست پێکرد بۆ ئاستەکانی (1 و3).

### B.2.1 دیدی زانکۆ

زانکۆی کۆمار بۆ زانست وتەکنەلۆجیا، هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ببێتە دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای پێشەنگ لە عێراقدا لە ڕێی پێگەیاندنی کەسانی پرۆفیشناڵ بە پێی ستانداردە جیهانییەکان لە بواری زانستە کردەییەکان، بیزنس، وئەندازیاری وئەندازیاری تەکنۆلۆژیدا

### C.2.1 پەیامی زانکۆ

پەیامی زانکۆی کۆمار بۆ زانست وتەکنەلۆجیا فەراهەمکردنی کەش وهەوایەکی فێربوون وفێرکردنە بە پێی ستاندەری نێودەوڵەتی بە مەبەستی پەرەپێدانی لایەنی هزریی وکۆمەڵایەتی وکەسیی فێرخوازان، یارمەتیدانیان بۆ گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوەی قووڵ وڕەخنەگرانە وداهێنەرانە، ئامادەکردنیان بۆ پیشەی بەرهەمهێنەرانە لە بواری زانستە کردەییەکان وبیزنس وئەندازیاری وئەندازیاری تەکنۆلۆجیادا.

### D.2.1 ئامانجەکانی زانکۆ

بۆ هێنانەدی پەیامەکەی، زانکۆی کۆمار بۆ زانست وتەکنەلۆجیا پابەندی ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەبێت:

1. فەراهەمکردنی ژینگەیەك بۆ دەستکەوتن و گەیاندنی زانیاری و توانا لە زانستە کردەییەکان، بیزنس، ئەندازیاری و ئەندازیاری تەکنۆلۆژیدا.
2. دروستکردنی کەش و هەوایەك کە هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وپەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان فێرخوازان و فێرکاراندا بدات.
3. ئامادەکردنی فێرخواز بۆ کار و پیشەی جیاواز لە بوارەکانی بیزنس وزانستەکان وئەندازیاری وتەکنۆلۆژیا بە پێی ستاندەردی جیهانی وسیستمی متمانەی ئەکادیمی (الاعتماد الاكاديمي).
4. پتەوکردنی هاوکاری لە نێوان زانکۆ و کەرتی پیشەسازی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخوازان لە بواری ئەکادیمیدا بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ئەم کەرتە.
5. دەستەبەرکردنی ڕاوێژی پرۆفێشناڵانە بۆ حکومەت وکەرتی تایبەت.
6. پاڵپشتیکردنی پەرەسەندنی تەکنەلۆجی و بەکارهێنانی بۆ باشترکردنی ژیان لە عێراقدا.

7. پەرەدان بە کەلتوری هەڵسوکەوتی پرۆفیشناڵ و ئاکارییانە.

### E.2.1 بەها و پێوەرە ئاکارییەکان

ئەو پێوەرە ئاکارییەی کە هەڵسوکەوتەکان لە ناو (زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا) و سیاسەتەکانی دیاری دەکات، بریتییە لە ئازادییەکی بەرپرسانە. ئازادیی ئەزموونێکی بایەخدارە کە زانکۆ فەراهەمی دەکات بۆ هەموو ئەندامەکانی (لە دەستەی فێرکار و فێرخوازو کارمەندو فەرمانبەرەکانی). کاتێکیش ئازادیی هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانەی دەبێت کە لەسەر پێوەرە ئەخلاقیەکان بنیات نرابێت.

زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، هەست بە پێویستیی گەشەپێدانی گشتگیرانەی مرۆڤ دەکاتو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو گەشەپێدانەیش، بەرنامەو پرۆگرامی فێربوونی هەمەلایەنەی وەك وانەوتنەوە تا توێژینەوە و چالاکی داهێنەرانە ئامادەدەکات. زانکۆ هەل بۆ فێرخواز دەڕەخسێنێت بۆ فێربوونی چۆنێتی گوزارشت لەخۆکردن و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و تێگەیشتن و رێزگرتن لە خۆی و لە خەڵکی تر و هەروەها تێگەیشتن لە جیهان و کاری زانست و تەکنەلۆژیا و دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان و پەرە بە بوارە پسپۆڕیو تایبەتمەندەکانی هەر پیشەیەك دەدات. ئەمانەش هەمووی لە رێگای تێگەیشتنێکی روونترەوە دەبێت لەو دۆخە ئەخلاقییانەی کە لەگەڵ پەرەسەندنی مەعریفەو کارامەییەکانو جێبەجێکردنەکانیان لە ژیانی کردەییدا، سەرهەڵ دەدەن.

زانکۆ لە پاراستنی کەرامەتی هەموو تاکەکانی و ئازادی ئەکادیمییاندا بەشداری دەکات. ئازادیی ئەکادیمیی مانای رێگادانە بە خستنەرووی بیرۆکە جۆراوجۆرەکان، بۆیە زانکۆ پابەندە بە پرەنسیپی گفتوگۆ و دایەلۆگی شارستانیانە. هاندانی ئەم جۆرە ئازادییەش لە رێی چالاکیە ئەکادیمییەکان و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و وەرزشییەکانەوە دەبێت، بە جۆرێك کە فێرخوازان شێواز و کەناڵی جۆراوجۆریان لەبەردەمدا دەبێت بۆ پەرەپێدانی تەواوی کەسایەتییان.
هەروەها زانکۆ پابەند دەبێت بە سەروەریی یاسا و لە کارمەندەکانیشی رادەبینێت کە پابەندبن بە یاساکانی پارێزگای سلێمانیو هەرێمی کۆمار و عێراق و رێسا و رێنماییەکانی زانکۆ. زانکۆ بە توندی دژی بەکارهێنانی مادە کهولی وهۆشبەرەکان و هەراسانکردنی سێکسییە بە هەموو جۆرەکانییەوە . کەسێکیش سەرپێچی بکات ئەوا رێوشوێنی یاساییو گونجاوی لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر.
زانکۆ خوازیارە کە چالاکیە بنەڕەتییەکانی لە فێربوون و فێرکردن و دەربڕینی هاندەرانە و خزمەتگوزاری گشتی لە رووی جۆرایەتییەوە نایاب بن، هەروەها سوورە لەسەر دروستیی کردەی فێربوون و پەیماننامەی شەرەفی ئەکادیمی (Academic Honor Code) رەنگدانەوەی ئەم پابەندبوونەیە. راستگۆیی لە گوفتار و رەفتاریشدا بابەتێکی

جەوهەرییە، ئیتر لە ژیانی رۆژانەدا بێت، یان لە بواری پیشەییدا. بۆیە پابەندبوون بەم بنەمایانەوە، بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی فێرکردندا پێك دێنێت.

زانکۆ پابەند دەبێت بە سیاسەتی جیاوازینەکردن لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە یان لایەنگیریی سیاسی. هەمان سیاسەتیش بەسەر فێرخواز و مامۆستا و کارمەندەکانی زانکۆدا جێبەجێ دەکات. زانکۆ هەلی یەکسان، لە بواری دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە و ڕاهێناندا، بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت.

زانکۆ هانی فێرخوازەکانی دەدات بۆ بەکارهێنانی ئازادییەکانیان لە نێو حەرەمی زانکۆدا، بەمەبەستی پەرەپێدانی بەهۆشیارییان لە ئەستۆگرتنی بەرپرسی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە ئەکادیمییەکان و بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی.

## بەشی دووەم:

## ڕێساکان

## 1.2 ناونیشانی پۆست وکارنامە

ئاستە کارگێڕییەکان:

پیکهاتەی کارگێڕی زانکۆ بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکراوە ماف و ئەرك و لێهاتوویی جیاوازیان هەیە وەك لەخوارەوە دیاریکراون:

A.1.2 ئاستی یەکەم: ئەم ئاستە راستەوخۆ پەیوەستە بە جێگری سەرۆك بۆ (کاروباری کارگێڕی و دارایی، کاروباری فێرخواز یان هەر کاروبارێکی تر) ئەو ئەرکەکانی دیاریدەکات، پۆستەکانی وەك (بەڕێوەبەری کارگێری، بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان، بەڕێوەبەری ژمێریاری، بەڕێوەبەری بەشی کاروباری فێرخواز و تۆمارکردن، بەرێوەبەری کاروباری گشتی،....هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پالێوراوی ئەم ئاستە:

I. لانی کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، یان ماستەر بۆ ئەو پۆستانەی کە پێویستی بەم بڕوانامەیە.
II. بۆ هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس ئەزموونی شەش ساڵ و بۆ ماستەر دوو ساڵی هەبێت(دوای وەرگرتنی ماستەرەکەی) لەبوارەکەی خۆیدا،
III. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
IV. زمانی ئینلگلیزی بزانێت.

B.1.2 ئاستی دووەم: ئەم ئاستە راستەوخۆ پەیوەستە بە بەڕێوەبەری بەشە کارگێڕییەکەوەو ئەو ئەرکەکانی دیاردەکات، هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبەری بەش لە کاتی نەبوونیدا ، پۆستەکانی وەك (بەڕێوەبەری جێبەجێکار و جیگری بەڕێوەبەر، .... هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پالێوراوی ئەم ئاستە:

I. لانی کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.
II. ئەزموونی لە 4 ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری خۆیدا.
III. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
IV. زمانی ئینلگلیزی بزانێت.

C.1.2 ئاستی سێیەم: ئەم ئاستە پەیوەستە بە ئاستی یەکەم یان دووەم ئەرکەکانی لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەکرێت، پۆستەکانی وەك (ڕێکخەر ، سەرپەرشتیار، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، ژمێریاری پێشکەوتوو، .... هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پالێوراوی ئەم ئاستە:

I. لانی کەم هەلگری بڕوانامەی دبلۆم بێت.
II. ئەزموونی لە 3 ساڵ کەمتر نەبێت بۆ بەکالۆریۆس و 6 ساڵ کەمتر نەبێت بۆ دبلۆم لە بواری خۆیدا.
III. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.

IV. زمانی ئینلگلیزی لەئاستی پێویستدا بێت.

D.1.2 ئاستی چوارەم: ئەرکەکانی ئەم ئاستە لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەکرێت و ڕاپۆرت دەدات بەسەرپەرشتە ڕاستەوخۆکەی، پۆستەکانی وەك (ژمێریار، پسپۆری سوفتویر، پسپۆری هاردوێر، پسپۆری کارگێڕی، پسپۆری سەرچاوەمرۆیی، پسپۆری کاروباری فێرخواز، .... هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵێوراوی ئەم ئاستە:

I. لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت.
II. ئەزموونی لە 1 ساڵ کەمتر نەبێت بۆ بەکالۆریۆس و 3 ساڵ کەمتر نەبێت بۆ دبلۆم لە بواری خۆیدا.
III. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
IV. زمانی ئینلگلیزی لەئاستی پێویستدا بێت.

E.1.2ئاستی پێنجەم: ئەرکەکانی ئەم ئاستە لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەکرێت و ڕاپۆرت دەدات بەسەرپەرشتە ڕاستەوخۆکەی، پۆستەکانی وەك (یاریدەدەری ژمێریار، کاشێر، یاریدەدەری پسپۆری سوفتویر، یاریدەدەری پسپۆری هاردوێر، یاریدەدەری پسپۆری کارگێڕی، یاریدەدەری پسپۆری سەرچاوە مرۆیی، یاریدەدەری پسپۆری کاروباری فێرخواز، .... هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵێوراوی ئەم ئاستە:

I. لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت.
II. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
III. زمانی ئینلگلیزی لەئاستی پێویستدا بێت.

F.1.2ئاستی شەشەم: ئەم ئاستە خزمەتگوزارییەو ئەرکەکانی لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەکرێت و ڕاپۆرت دەدات بە سەرپەرشتە ڕاستەوخۆکەی، پۆستەکانی وەك (شۆفێر، پاسەوان، باخەوان، کارگوزار،...هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

لێهاتوویی و شارەزایی پاڵێوراوی ئەم ئاستە بە پێی جۆرو سروشتی کارەکەی دیاریدەکرێت

## 2.2 پۆلێنکردنی کارمەند بەپێی کاتی دەوام

A.2.2 کارمەند بە دەوامی تەواو: کارمەند بە دەوامی تەواو ئەو کەسەیە کە بتوانێ پێداویستی پۆستەکەی خۆی پڕ بکاتەوە لە ڕێی کێبڕکێوە و بە لایەنی کەمیشەوە لە هەفتەیەکدا 40 کاتژمێر کاربکات، بە پێی پاشگری **D** تایبەت

بەم پەیڕەو نامەیە، ئەوا ئەو کارمەندە سوود لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە وەردەگرێت کە بۆ پۆستەکەی دیاری کراوە. پۆستەکانیش لەم نامیلکەیدا دیاریکراون.

B.2.2 کارمەند بە نیوە دەوام: کارمەند بە نیوە دەوام ئەو کەسەیە کە بتوانێ پێداویستی پۆستەکەی خۆی پڕ بکاتەوە لە هەفتەیەکیشدا کەمتر لە 40 کاتژمێر کاربکات، بە پێی پاشگری **D** تایبەت بەم پەیڕەو نامەیە، ئەوا ئەو کارمەندە سوود لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە دەبینێت کە بۆ پۆستەکەی دیاری دەکرێت.

C.2.2 کارمەند بە ئەرکێکی تایبەت: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا تەنیا بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو گرێبەستیان بۆ دەکرێت و بنەماکانی پابەندبوون لە گرێبەستیاندا دیاری دەکرێت.

## 3.2 گرێبەستی کارمەند

### A.3.2 کارمەند بە دەوامی تەواو

گرێبەستی کارمەند (فۆرمی کۆنتراکات 310-SC-E1 لە بەشی HR) بە دەوامی تەواو بۆ یەك ساڵ دەبێت (دوای تێپەر کردنی ماوەی 3 مانگ ئەزمونی(Test). بە شێوەیەکی ساڵانەش هەڵسنگاندن بۆ توانای کارمەند و ئاستی کارەکانی دەکرێت .

### B.3.2 کارمەند بە نیوە دەوام

ماوەی کارکردنی کارمەند بە نیوە دەوام (فۆرمی کۆنتراکات 310-SC-E1 لە بەشی HR)، هەفتانە کەمتر دەبێت لە 40کاتژمێر . ماف و ئەرکی کارمەند بە پێی سەعاتەکانی دەوام ئەژمار دەکرێت.

## 4.2 ەرچاوەی گرێبەستەکانی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

زانکۆ بۆ ئامادەکردنی گرێبەستی کار پشتی بەستووە بەم سەرچاوانەی خوارەوە:

a– یاسای کاری عێراقی

b– یاسای ڕێکخراوی کارکردنی نیودەوڵەتی

c– ڕێنمایی پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## 5.2 کۆتایهاتنی گرێبەست

گرێبەستەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراون و بەرواری کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە مانای هەڵوەشاندنەوەی و کۆتای پەیوەندی نێوان زانکۆ و کامەندەکە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەگەر لایەنێك (زانكۆ یان كارمەند) ویستی گرێبەستەكە نوێ نەکاتەوە لەدوای کۆتایهاتنی ئەوا پێویستە بە لایەنی کەمەوە یەك مانگ پێش بەرواری کۆتایهاتنی لایەنەکەی تر ئاگادار بکاتەوە

## 6.2 پڕکردنەوەی پۆستەکان بە دەوامی تەواو

زانکۆ پابەندە بەڕەخساندنی هەلی یەکسان لەبەردەم هەموو کەسێکدا بە بێ جیاوازیکردن لەسەر بنەماکانی نەتەوە، جێندەر، ئایین، تەمەن و باری خێزانی. لەهەمان کاتدا زانکۆ پابەندە بە بەجێهێنانی یاساکانی بنبڕکردنی جیاکاری لە ناو زانکۆدا . لەبەر ئەوەی سیستمی خوێندنی زانکۆ لەسەر شێوازی سیستمی خوێندنی بالآی ئەمریکیە ، بۆیە زانکۆ پێشەیی (ئەولەویەت) دەداتە ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە سیستمی خوێندنی بالآی زانکۆی کۆمار هەیە. دامەزراندی کارمەندی دەوامی تەواو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

## 7.2 لێژنەی بەدواداگەڕان

پێش دامەزراندنی هەر کارمەندێك لە هەر بەشێکی کاگێری ، پێویستە سەرۆکی بەش ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ ی وەرگرتبێت بە پێی (فۆرمی R1 – 310 لە بەشی HR ) ، دواتر بەدواداگەڕانێکی سەرلەبەر و هەڵبژاردنی وورد بکرێت. درێژی و ئاڵۆزی ئەو کارەش بەندە بە سروشتی دامەزراندن و پۆستەکەوە. پێویستە بەڕێوەبەری ئەو بەشە راوێژ لەگەڵ کارمەندەکانی بەشەکە بکات بۆ یارمەتیدان لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کەسی شیاو و دیاریکردنی ئەرك و تایبەتمەندیی پۆستەکەش، بە پێی ڕێنماییەکان لە پاشگری **E** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە.

## 8.2 بەر لە دامەزراندی کارمەند

دوای رەزامەندی وەرگرتن لەسەر دامەزراندنی کارمەندی نوێ، پێش واژۆ کردنی گرێبەست دەبێت کارمەندی بەشداری لە بەرنامەی بە ئاشنابوونی زانکۆ بکات وەك لە ڕێنمای پاشگری **L** تایبەت بەم پەیڕەو نامەیەدا هاتوە، ئەویش بۆ

هاوکـاری کردنــی کارمەنـدی نـوێ بـۆ خۆگونجانـدنی بـە ژینگـە و کۆمەڵگـەی زانکـۆ، دواتـریش واژۆ بکـات لەسـەر (فـۆرمی-310 OR 1 لە بەشی HR).

## 9.2 دامەزراندن

دامەزرانـدنی هـەموو سـتافێك لـە لایـەن سـەرۆکی زانکـۆ یـان کەسـێکی ڕێپێـدراو لەلایـەن سـەرۆکەوە دەبێـت، ئـەویش لەسـەر پێشـنیاز و داوای ئـەو بەشـەی پێویسـتی بەکارمەنـد دەبێـت لـەڕێی بەشـی سەرچـاوە مرۆییەکانـەوە دەبێـت. (فـۆرمی -310 RE1K لە بەشی HR) .

## 10.2 پەسەندکردنی دامەزراندن

ئـەو گرێبەسـتانەی کـە ئیمـزا دەکرێـت، مەرجـەکانی دامەزرانـدنی تێـدا روون دەکرێتـەوە( فـۆرمی 310-SC-E1 لـە بەشـی HR). لـە هـەموو دامەزراندنێکـدا پێویسـتە ڕەچـاوی مەرجـەکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و حکومـەتی فیـدراڵی عێـراق و فەرمانگەکانی نیشینگە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

## 11.2 ماف و ئەرکەکانی کارمەند

### A.11.2 مافەکان

### A.11.2 .1سیاسەتی جیاوازینەکردن

هـیچ کارمەنـد و ئەنـدامێکی زانکـۆی کۆمـار بـۆ زانسـت و تەکنـەلۆجیا، نـابێ جیـاوازی بکـات لەسـەر بنـەمای ئـایین، نەتـەوە، تەمەن ، لایەنگیری سیاسی و ڕەگەز، کەمئەندامی لە هەر پرۆگرامێك، چالاکی، گرێبەست
ئـەدائی کـارگێری یـان هـەر کـارێکی تـری ئەنجامـدراو لـە لایـەن زانکـۆوە ( لـە چوارچـێوەی یاسـاکانی کـاری کـارپێکراو لـە کۆمـار و عێراقدا).

هـەروەها زانکـۆ، ژینگـە دەڕەخسـێنێت تـا دەرفـەتی یەکسـان لـە بـەردەم تاکـەکان پارێزراوبێـت و گەشـەیان پێبـدات ، بـێ ئـەوەی سیاسـەتەکانی تایبـەت بـە جیاکـاری نـەکردن سـنووردار بکـات. زانکـۆی کۆمـار بـۆ زانسـت و تەکنـەلۆجیا پابەنـدە بـە پەیڕەوی کردن لە هەموو ئەو یاسایانەی کە کاروباری کارمەندو ئەندامانی زانکۆ ڕێك دەخەن.

### 2. A.11.2 مووچە

مووچه لەسەر بنەمای پۆست  پێشینە و ئاستی زانستی لێهاتووی  و ساڵەکانی شارەزایی بڕیاری لەسەر دەدرێت.

| Degree | Basic Salary | Degree allowance rate |
|---|---|---|
| Doctorate | ID 450,000 | 100% |
| Master&High Diploma | ID 350,000 | 75% |
| Bachelor | 300,000 | 55% |
| Bachelor | ID 250,000 | 45% |
| Diploma | ID 220,000 | 35% |
| High School | ID200,000 | 20% |
| Secondary | ID 180,000 | 15% |
| Primary & without Degree | ID 180,000 | 10% |

## 3. A.11.2 زیادکردنی ساڵانەی مووچە و پاداشت

a- زیادکردنی مووچە پێویستە ساڵانە لە لایەن ئەنجومەنی باوەڕمەندانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بەجۆرێك نابێت زیادکرنەکە کەمتربێت لە 3٪ ی کۆی مووچەو دەرماڵە.

b- تەنها بڕیاری تازەکردنەوەی گرێبەستی کار ماف زیادەی ساڵانە بە ڕێژەی 3٪ دەبەخشێتە کارمەند.

c- ئەگەر ڕێژەی زیادکردنەکە زیاتر بوو لە 3٪ ئەوا بڕی زیادەکە لەسەروو 3٪ کەوە بەپێی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی کارمەندەکە دیاریدەکرێت، بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

بڕی زیادەی ساڵانەی کارمەند = 3٪ * کۆی مووچەو دەرماڵەی کارمەند+(ڕێژەی زیادەی ساڵانە-3٪)*کۆی مووچەو دەرماڵە*ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە.

d- سەرباری زیادکردنی ساڵانەی مووچە، دەکرێت کارمەند لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتیاری ڕستەوخۆی و بەبڕیاری سەرۆکی زانکۆ یان جێگرەکەی پاداشت بکرێت بەزیادکردنی مووچەکەی بەڕێژەیەك زیاتر نەبێت لە 10٪ی کۆی مووچەو دەرماڵە.

## 4. A.11.2 مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی نەخۆشی

بە گشتی کارمەند هان دەدرێت کە سوود لە وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی ببینێت ( فۆرمی 310-L1K لە بەشی HR).

کارمەنــد مــافی خۆیــەتی کــە قــەرەبوو بکرێتــەوە بــە پێــدانی مووچــەی تــەنها دوو هەفتــە (14 ڕۆژ) لــە کــۆی مۆڵــەتی کەڵەکەبووی گەر هاتوو دەستی لە کار کێشایەوە و مەرجەکانی دەست لە کارکێشانەوەی جێبەجێ کرد.

**a.مۆڵەتی ئاسایی:**

A .1بۆ بەڕێوەبەری بەش مافی 24 ڕۆژ مۆڵەتی هەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

A .241 ڕۆژ لە ساڵەکەدا.

A .2 بۆکارمەندان مافی 20 ڕۆژ مۆڵەتی ئاساییان هەیە لە ساڵێکدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

b. **مۆڵــەتی نەخۆشــی**: کارمەنـد مـافی وەرگرتنـی مۆڵـەتی نەخۆشـیی هەیـە بـۆ مـاوەی 10 ڕۆژ لـە سـاڵێکدا. گـەر لـە هــەر جارێکـدا داوای زیـاتر لــە 2 ڕۆژ مۆڵـەتی نەخۆشـیی کـرد، ئـەوا پێویسـتە ڕاپـۆرتی لیژنـەی پزیشـکی پێشـکەش بـە زانکۆ بکات.

C. **مۆڵــەتی بــێ مووچــە**: ئـەم جـۆرە مۆڵەتـە تـەنیا لـە بـاری لـەناکاو بـە کارمەنـد دەدرێـت دوای ئـەوەی بەڕێوەبـەری بەشــەکەی پەســەندی دەکــات، یــان زانکــۆ بــە گونجــاوی دەزانێــت کــە کارمەنــد دەســتبەرداری پۆســتەکەی بێــت بــۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

d. **مۆڵەتی کتوپڕ**: ئەم مۆڵەتە بەم شێوەیە دەدرێت:

1.سێ ڕۆژ بۆ پرسەی خزمی پلە یەك (باوك، دایك، برا و خوشك، منداڵ و هاوسەر.

2. دوو ڕۆژ بۆ ڕووداوی لە ناکاوی وەك کارەساتی هاتوو چۆ و دزی لێکردن.

3.ڕێکخستنی مۆڵەت و وردەکارییەکانی لە پاشگری **F** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە روونکراوەتەوە.

### 5. A.11.2 خانەنشینی

زانکــۆ پــەیڕەوی یاســا و ڕێنماییــە کــار پێکراوەکــان لــە هــەرێمی کوردســتاندا دەکــات ســەبارەت بــە مــافی خانەنیشــینی کارمەندان .

### 6. A.11.2 پشووە فەرمییەکان

پشووە فەرمییەکانی زانکۆ بریتیە لە :

a. جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز (4 ڕۆژ).
b. جەژنی قوربانی پیرۆز (4 ڕۆژ) .
c. یەکەم رۆژی مانگی موحەڕەم (یەك ڕۆژ)
d. یادی نەورۆز 21 ی مارت (یەك ڕۆژ).
e. سەرسالّی نویّ 1 ی کانوونی دووەم ( یەك ڕۆژ).

بۆ زیاتر ڕێنمایی تکایە بڕوانە پاشگری **D** خالّی 6.

## A.11.2 .7 دلّنیایی تەندروستی

سالاّنە زانکۆ ئەرکی تێچوونی نەشتەرگەری کارمەندانی دەگرێتە ئەستۆی بەڕێژەی 75٪ بەمەرجێك بڕی تێچوونەکە لە 1000 $ تێنەپەڕێت. ئەم هاوکارییە نەشتەرگەری منالّ بوون و چارەسەری ددان و چاو و نەخۆشی درێژ خایەن ناگرێتەوە.

## A.11.2 .8تانە لێدان بۆ کارمەند

دەرخواست بریتیە یە لە گلەیی کردنی فەرمی کارمەند دەرهەق بە نەگوجاندنی حوکمەکانی زانکۆ لە گەلّ هەلو مەرجی گرێبەستی کارمەند (کارنامەو پلانکار)، کە دەکرێ بە پێی پاشگری **N** ، تایبەت بەم ڕێبەر نامەیە کارمەند دەرخواستی خۆی بە جێ بگەیەنێ (فۆرمی 310-AP1K لە بەشی HR ) .

## A.11.2 .9ناسنامەی زانکۆ بۆ کارمەند

کارمەندی زانکۆ ماف پێدان و هەلگرتنی پێناسەی زانکۆی هەیە، هەلگرتنی پێناسەی زانکۆ مانای ئەوە دەبەخشێت کە تۆ ئەندامی زانکۆیت، ئەم پێناسەیە کارئاسانیت بۆ دەکات لە سوود وەرگرتن و رێگەپێدان بە خزمەتگوزارییەکانی زانکۆ. تکایە بڕوانە پاشگری **A** تایبەت بەم ڕێبەرنامەیە

## B.11.2 ئەرکەکان

## B.11.2 .1 بەرپرسیارێتییەکان

ئەرکی کارمەند ئەو بەرپرسیارێیتیانەی دەگرێتەوە کە لە لایەن بەشە کارگێری دیاری دەکرێن. بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان پەیوەست دەبن بە شارەزایی و لێزانی کارمەندەوە. پێویستە کارمەندەکان ئاگادار بکرێنەوە لەو کار و ئەرکانەی کە دەبێت جێ بە جێبەجێیان بکان پێشتر ڕازەمەندبوون لەسەری . ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتینیە دەبێ ناوبەناو لە ڕێی کارمەندی کارگێڕی پەیوەندیدارەوە هەلّبسەنگێنرێن (تکایە بڕوانە پاشگری **C** تایبەت بەم

ڕێبەرنامەیە). ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنانەش پێویستە لە کاتی وەرگرتنی بڕیاری تایبەت بە قەرەبوو کردنەوە، مانەوە لەسەر کار، بەرزکردنەوەی پلە، هەڵوەشاندنەوە و نوێکردنەوە یان درێژکردنەوەی گرێبەست ڕەچاو بکرێن

## 2. B.11.2 کارکردن

پێویستە کارمەند بە ئاشکرا و ڕاستگۆیانە ڕەزامەندی خۆی دەربڕێت لەسەر پابەند بوون بەو حوکمانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان دەردەچن. کارمەند بەرپرسیارێتی ئەو خاڵانەی خوارەوەی دەکەوێتە ئەستۆ:

1. بە ئەنجام گەیاندنی پەیامی بەشەکەی.
2. ڕێزگرتنی فێرکارو کارمەند فێرخوازەکانی دیکە.
3. پابەند بوون بە ڕۆڵی گونجاوی ڕێنماییە هزری و راوێژکارییەکان.
4. پابەند بوون بە داب و نەریتە کەلتوری و ئاکارییەکان.
5. لە کاتی بارێکی نائاساییدا پێویستە بەرپرس یان بەڕێوبەری بەش ڕاستەوخۆ ئاگاداربکرێتەوە.
6. پابەند بوون بە ئەنجام گەیاندنی ئەرك و بەرپرسیاریتییەکان لە هەموو شتێکی دیکە لە ناو حەرەمی زانکۆدا.
7. لە ئەستۆ گرتن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە بۆ کارمەند دانراوە لە لایەن زانکۆوە.
8. هەوڵدانی بەردەوام بۆ پەرەسەندنی خود.

## 3. B.11.2 ئامادەبوون

بە پێی ڕێنماییەکانی زانکۆ پاشکۆی **G** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە، پێویستە کارمەند لە نێو کامپی زانکۆ بە درێژایی ساڵ ئامادەیی هەبێت. جگە لە و کاتانەی مۆڵەتی تێدا وەردەگرین بە پێ و ڕێی وشو ێنە دیاریکراوکان.

## 4. B.11.2 چالاکییەکانی دەرەوەی کاتەکانی کارکردن

پێویستە کارمەند پابەندی کاتەکانی کارکردنی زانکۆ بێت وەك هاتووە لە پاشگری **H** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە. کاتی زیادەی کارکردن بە پەسەند نازانرێت. ئاشکرایە کە هەندێ جار پێویستی هەیە بۆ کاتی زیادەی کار لە دەرەوەی کاتە فەرمییەکانی کارکردندا. بۆیە پێویستە پێشتر کارمەند ئاگادار بکرێتەوە لەوەی کە ئایا پارەی لە بەرامبەر ئەو کاتە

زیادانەدا بۆ ئەژمار دەکرێت یان مۆڵەت (فۆرمی 311-CO1 یان 310-O1K لە بەشی HR ). هەروەها پێویستە ئەو یەکەیە یان ئەو بەشە کارمەند لە جۆری قەرەبووەکەش ئاگادار بکاتەوە.

1. ڕۆژەکانی کارکردنی ئاسایی: یەك شەممە تا پێنج شەممەیە.
2. ڕۆژەکانی هەینی و شەممە پشووی فەرمی زانکۆیە
3. کاتەکانی کارکردنی ئاسایی: 8:00 بەیانی تا 5:00 ئێوارەیە.
4. پشووی نانخواردن: 12:00 تا 1:00 نیوەڕۆ، یان بەو شێوەیەی لەگەڵ بەرپرسی ڕاستەوخۆ لەسەری پێك دێن.

## 5. B.11.2 ئاکاری پیشەیی و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان

### a.هەڵسوکەوتی پیشەییانە

بۆ سازاندنی کەش و هەوایەکی دۆستانە لە کارکردندا، ئەو بنەمایانەی کە لەم بڕگەیەدا باسیان لێوە دەکرێت لە هەڵسوکەوتی پیشەییانە و ئاکار و هەروەها بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکاندا بەسەر هەموو کارمەندەکانداجێبەجێدەکرێن . بۆیە دەبێ کارمەند بە باشترین شێوە کارەکانی ئەنجام بدات لەسەر بنەمای ڕاستی و پاکی و ئاکاری بێت. کارمەندەکان لەسەریانە کە گوێڕایەڵی پێوەرەکانی تایبەت بە ئاکار و ئەخلاقی زانکۆ بن.

### b. ئاکاری پیشەیی

زانکۆ باوەڕی بەو بنەمایە هەیە کە هەر کارمەندێك، ڕا دەردەبڕێ یان نووسێنێك دەنووسێ ئەوا تایبەتە و پێویستە بە دوور بێت لە هەموو جۆرە سانسۆر و ڕێگرییەك. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵوێستی تایبەتی کارمەند لە چوارچێوەی ئەرك و پابەندییە دیاریکراوکاندا بێت، کە وا دەخوازێ لە بەرژەوەندی کارەکەی و دامەزراوەکەی هەڵسوکەوت بکات.

### c.بەرپرسیارێتی ئەخلاقیانەی کارمەند بەرامبەر زانکۆ و کۆمەڵگەی نێو زانکۆ

1. پێویستە کارمەندەکان بە هیچ شێوەیەك پەیڕەوی هەڵسوکەوتی ئیستیغلالکردن، هەراسانکردن، جیاوازیکردن لە بەرامبەر هیچ کارمەندێکی تردا نەکەن.

2. پێویستە کارمەندەکان هەست بە گرنگی هاوکاری کردنی یەکتر بکەن، هەروەها هەوڵ بدەن کە لە کاتی حوکم کردنیان لە سەر ئیش و کاری هاوکارەکانیان بابەتییانە بن. ڕەزامەندی پێش کات لە کەسی پەیوەندیدار بەدەست بهێنن، لە کاتی داواکردنی زانیاری یاخود ڕێنمایی و یان ئەرشیفی ئەلکترۆنی پێویستە بە پێی ڕێساو ڕێنمایی دیاریکراو بەکار بهێنرێن (ڕێنماییەکانی بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، کارگێری و بەشی IT ).
3. ئەو کارمەندانەی پۆستی بەرپرسیاریێتیانەیان هەیە پێویستە پابەند بن بە ڕێسا و ڕێنماییە دەرچووکان لە بەشی سەرچاوەمرۆییەکان.
4. بۆ دیاریکردنی بڕ و جۆری کاری ئەنجام دراو لە دەرەوەی زانکۆدا، پێویستە لەسەر کارمەندەکان هەست بەوە بکەن کە بەپرسیاریێتی سەرەکییان لە بەرامبەر زانکۆدایە . پێویستە کاری دەرەکی لەگەڵ ڕێساکانی زانکۆدا گونجاو بێت. دەکرێ کارمەند بە دوای بەرژەوەندییەکی لاوەکییەوە بێت بە مەرجێك ئاشکرابێت و پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ئازادی دید و هزر و خواستی ئامانجەکانی کارمەند.
5. لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هەر کارمەندێك، پێویستە کارمەند ڕەچاوی کاریگەری بڕیارەکەی لەسەر زانکۆ بکات پێشتر زانکۆ لەو نیازەی خۆی ئاگادار بکاتەوە .
6. پێویستە کارمەند ڕەزامەند بێت لەسەر ئەو ئەرك و بەرپرسیاریێتیانەی کە لە لایەن زانکۆوە بۆی داڕێژراوە لە بەڕیوەبردنی بەشەکانیاندا.

## 12.2 پەرەپێدانی توانای کارمەند (کارمەند دوای دامەزراند)

### A.12.2 ڕاهێنانی پیشەیی

زانکۆ پەرەپێدانی توانای کارمەندەکانی زۆر بە هەند وەردەگرێت، لە فراوانکردنی زانیاری وشارەزاییان ئەوەی لە بواری کارەکانیاندا، بێگومان ئەمەن دەبێت کاریگەری بەرچاوی هەبێت لەسەر فراوانکردنی بواری بەشدارییان لە پەرەپێدانی ئاستی زانکۆ لە هەموو بوارەکاندا. پێویستە کارمەندی زانکۆ توانا و شارەزایی خۆی پەرەپێبدات بە جۆرێك کە ئەدائی و ئەنجامدانی کارەکانی باشتر بکات، وەك بەکار هێنانی کۆمپیوتەر و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ... هتد. بۆ ڕێنمایی زیاتر بڕوانە پاشگری **H** تایبەت بەم پەیڕەو نامەیە، کارمەند پێش بەشداریکردنی لە خولی ڕاهێناندا دەبێت (فورمی 310-T1K یان 310-T2K لە بەشی HR) پربکاتەوە

### B.12.2 هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند

هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند بە شێوەیەکی خولی ئەنجام دەدرێت، تکایە بڕوانە پاشگری **I** تایبەت بەم ڕێبەرنامەیە، ئەویش بۆ مەبەستی هاندان و ڕێنمایی و پاداشتکردنی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نایاب کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بۆڕێنمایی کردنی کارمەند سەبارەت بە گەشەکردنی و پێشکەوتنی لە ڕووی پیشەکەیەوە، هەروەها بۆ

بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەست بە نوێکردنەوە و درێژکردنەوە یان بەرزکردنەوەی پلە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست و هەموو ئەو بڕیارانەی کە پێویستە سازبکرێن سەبارەت بە هەل و مەرجی گۆڕاوی پۆستەکان.

### C.12.2 ئەو زانیارییانەی پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند

هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند بە سێ هەنگاو ئەنجام دەدرێت:

**هەنگاوی 1** نووسینەوەی ئەرکەکان: پێویستە بەرپرسی بەش یان یەکە، لیستێك بەو ئەرکانە دابنێت کە دەبێ کارمەندەکانی ئەنجامی بدەن. بەپێی ئەو ڕێنماییەی هاتوە لە پاشگری **I** تایبەت بەم پەیڕەو نامەیە.

**هەنگاوی 2** پێداچوونەوەی شەش مانگ جارێك : بەرپرسی ڕاستەوخۆی کارمەند پێداچوونەوە بۆ کارەکانی کارمەند دەکات سەبارەت بە ئاست و جۆری کارە ئەنجامدراوەکە (فۆرمی 310-E1 لە بەشی HR). ئامانجی لەمە بریتییە لە خستنەڕووی ڕاسپاردەو پێشنیازی بونیاتنەرانە بە جۆرێك کە ببێتە هۆی پێشخستنی توانای کارمەند. ئەم هەنگاوە هەموو شەش مانگ جارێك ئەنجام دەدرێت.

**هەنگاوی 3 هەڵسەنگاندنی کۆتایی ساڵ:** بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان بەڕێوەبەری بەش یاخود یەکە، پێداچوونەوە دەکات بۆ کارەکانی کارمەند و ئاستی بە ئەنجامگەیاندنی بۆ هەر ئەرکێك کە پێی سپێردراوە . ئامانج لەو هەڵسەنگاندنە: بۆ دیاریکردنی ئاستی ئەدائی ئەو کارمەندیە( فۆرمی 310 –E1 لە بەشی HR )، هەروەها پێشنیازکردنی پاداشت یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە ئەو کارمەندە تێدایە، هەروەها بۆ ڕاسپاردنی بونیاتنەرانە کە دەبێتە هۆی پێشخستنی تواناکانی ئەو کارمەندە. ئەم هەڵسەنگاندنەش پێویستە ساڵانە ئەنجام بدرێت.

### D.12.2 کێش و سەنگی کارە ئەنجام دراوەکان

پێویستە هەموو کارمەندێك گفتوگۆ بکات لەسەر کێش و سەنگی بەرپرسیارێتییەکانی کە پێی سپێردراوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەش یان یەکە لە سەرەتای ماوەی هەڵسەنگاندنی چاوەڕوانکراودا. ئەو کێش و سەنگە پەیوەستە بەو ماوەیەی کە کارمەند بۆ تەواوکردنی هەر ئەرکێك پێویستە. ئەو کێش و سەنگانە دەکرێ لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر بگۆڕدرێن، تاکو بگونجێن لەگەڵ هەل و مەرجی نوێی بەشەکەی و بەرژەوەندی زانکۆ.

## 13.2 جیاکردنەوەی ڕێسا و ڕێنماییەکان (کارمەند لە پاش بە جێهێشتنی پۆستەکەی لە زانکۆ)

### A.13.2دەست لەکار کێشانەوە

ئەگەر کارمەند بە دەوامی تەواو لەبەر هەر هۆکارێك ویستی دەست لەکار بکێشێتەوە (فۆرمی 310-RE1K لە بەشی HR)، ئەوا دەبێ بە لایەنی کەمەوە بەر لە 30 ڕۆژ پێش دەست لە کار هەڵگرتنی بە نووسراو ئاگاداری

سەرپەرشتیارەکەی بکات. ئەگەر ئەو ئاگادارکردنەوە پێشوەخت نەکرا، ئەوا زانکۆ مافی پێدانی ئەو سوود و بەخششانەی کە پەیوەست دەبن بە کۆتایی پێهێنانی ڕاژەکەی بۆ خۆی دەهێڵێتەوە.

### B.13.2 لادان لەسەر کار

لادان لەسەر کار بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کارمەند لەگەڵ زانکۆ، پێش تەواوبوونی ماوەی ئاسایی گرێبەستەکە لەگەڵ زانکۆ. لادان لەسەر کاریش لە ئەنجامی ئەو ڕاسپاردانەوە دێت کە پەیوەست دەبن بە ئەدائی ئیش و کار (بە پێی پاشگری J تایبەت بەم پەیڕەو نامەیە) یان دەستکردن بە دووبارە ڕێکخستنەوەی کارو پرۆگرام لە لایەن بەڕێوەبەرەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆك (یان یاریدەدەرەکەی). کارمەندی دەست لەکارکێشاوەو لابراو لە پۆست دەبێت ئەستۆ پاکی خۆیان بەرامبەر بە زانکۆ بکەن
(فۆرمی 310-CL-1 لە بەشی HR).

## 14.2 سکالاّ کردن

### A.14.2 ڕێ و شوێنەکانی سکالاّکردن

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی ئەو ڕێ و شوێنانەی کە تایبەتن بە سکالاّکردن، گەر هاتوو هەر کارمەندێك سکالاّی هەبوو لە بەرامبەر ئەدائی کارگێڕی یان هەر کەسێکدا جا چ لە سەر ئاستی بەش و یەکە، یان لەسەر ئاستی کارگێڕی زانکۆ بێت، ئەوا دەتوانێت داوای چارەسەرکردنی کێشەکەی لە زانکۆدا بکات. ڕێ و شوێنەکانی تایبەت بە سکالاّکردن ڕێ و شوێنی زۆر گرنگن و نابێ بە ئاشکرا ڕابگەیێنرێن. کارمەندەکانی زانکۆ کە کەسانێکن هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن، دەبێ بە باوەڕەوە دەست بەکار بن و هەروەها پێویستیشە هەوڵی ڕاستەقینە بدەن بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکان بەر لەوەی پەنا بەرنە بەر سکالاّکردن. لەوەش زیاتر، گرتنەبەری ڕێ و شوێنی سکالاّکردن تەنیا بۆ ئەو کێشانەیە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی کە لە پاشگری K هاتووە (تایبەت بەم پەیڕەو نامەیە).

ئەگەر هاتوو ڕێ و شوێنەکانی سکالاّکردن، ناکۆك یان پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بوون ئەوا پشت بە یاسا کارپێکراوەکان دەبەسترێت.

دەبێ کارمەند پابەند بێت بەو ڕێ و شوێنانەی کە لەو ڕێسایەدا هاتوون بەر لەوەی دەست بکات بە چارەسەرکردنی کێشەکە لە دەرەوەی زانکۆ.

### B.14.2 جێبەجێکردنەکانی

هـەموو کارمەنـدێکی زانکـۆ جگـە لـە بەڕێوەبـەر دەتـوانێ سـکالاْ بـەرز بکاتـەوە بـە پێـی ئـەم ڕێسـایە بـۆ نووسـینگەی سەرچـاوە مرۆییەکان لە ڕێگای پڕکردنەوەی ( فۆرمی 310-C1K لە بەشی HR) .

هـەروەها بەڕێوەبـەر دەتوانێـت لـە ڕێـی هـەمان فۆرمـەوە یـان بـە نووسـراوێکی فـەرمی سـکالا بەرزبکاتـەوە بـۆ نووسـینگەی سەرۆکی زانکۆ یان جێگرەکەی

## C.14.2 پێناسەی سکالاْ

سـکالاْ شـکاتێکی فەرمییـە و لـە لایـەن کارمەنـدێکی زانکـۆوە دەکرێـت، کارمەنـد دەبێـت ڕۆڵـی خـۆی ببـینێ لـە دەرخسـتنی یـان ئاشـکراکردنی پێشـێلکارییەکان بـە جۆرێـك کـە لـە لایـەن زانکـۆوە پەسـەند بێـت، ئەمانـەی لای خـوارەوە نموونـەن بـۆ ئـەو پێشێلکارییانە:

1. لادان لە ئازادی ئەکادیمی/ کە پێناسەکراوە لە بەشی (2.10.a.2) دا.
2. لادان یان خراپ بەکارهێنانی بەندەکانی ناو گرێبەستی زانکۆ وەك (پراکتیك، هەنگاو و یاساکان).
3. لادان لـە قبـوڵکردنی هەڵسـوکەوتە سـتاندەرەکان لـە شـوێنی ئیشـکردندا لـە زانکـۆ، بـەو شـێوەیەی کـە لـەم پـەیڕەو نامەیەدا ئاماژەی پێکراوە.
4. خـاوەن سـکالاْ پێویسـتە ڕاسـتگۆبێت لـە دەرخسـتنی پێشـێلکاری کەیسـەکەی.سـکالاْکردن بریتـی نییـە لـە هـەڵێك بـۆ کارمەنـد کـە نارەزاییـەکانی خـۆی دەربـبڕێـت لەسـەر ئـەو حوکمانـەی کـە لەلایـەن بەڕێوەبـەر و لیژنـەکانی زانکـۆ دەرکراو

# بــە شــی ســێــیــە م :

# ڕێــنــمــا یــیــە کــا ن

**پاشگری A : کارتی ناسنامەی زانکۆ**

1- پێناسەی زانکۆ کارئاسانیت بۆ دەکات لە سوود وەرگرتن و ڕێگەپێدان بە خزمەتگوزارییەکانی زانکۆ وەك:

a- چوونە ناو بەشەکانی زانکۆ بەشی وەرزش و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان.

b- هۆڵی نمایش کردن

c- کتێبخانە

d- پارکی ئۆتۆمبیل

2- کارمەند مافی وەرگرتنی ناسنامەی هەیە دوای واژۆکردنی گرێبەستی کار (گرێبەستی جێگیر: واتە تێپەڕاندنی ماوەی تێست).

3- کاتێك کارمەند ناسنامەی وون دەکات، دەبێت لە ڕۆژنامەی فەرمییدا بانگەوازی بۆ بکات و خەرجی بانگەواز و دەرهێنانی پێناسەی نوێ بگرێتە ئەستۆ.

4- بۆ دەرهێنانی ناسنامە پێویستە کارمەند ئامادەبێت زانیارییەکانی بنێردرێت بۆ دەزگای پەیوەندیدار لە دەرەوی زانکۆ .

ناسنامەی کارمەند بە یەکێك لە موجوداتی زانکۆ دادەنرێت هەربۆیە وەرگرتن و رادەستکردنەوەی بە واژۆ دەبێت، کارمەند دەبێت پارێزگاری ناسنامەکەی بکات و هەردەم هەڵگری بێت، لە ناو بردن و دڕاندنی ناسنامە تەواوی بەرپرسیارێتی کارمەندە.

5- هەموو بەشداربووان و فێرخوازان کە بەردەوامن لە خوێندن لە زانکۆدا پێویستە هەڵگری ناسنامەی زانکۆی کۆمار بۆزانست و تەکنەلۆجیا بن.

6- هاوسەرانی فاکەڵتی بۆ پێدانی ناسنامەی زانکۆ دەبێت شیاوبن بۆ ئەو مەبەستە، بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە پێویستە ئەمانەی لای خوارەوە ئامادەبکەن.

a- وێنەی ناسنامە (پاسەپۆرت و کارتی نیشتە جێبوون)

b- گرێبەستی هاوسەرگیری

c- وێنەی کەسێتی فۆتۆگراف

## پاشکۆی B : ناونیشانی پۆست و ئاستەکان

| پۆستە کارگێڕییەکان | بەش | ئاستی 4 | ئاستی 3 | ئاستی 2 | ئاستی 1 |
|---|---|---|---|---|---|
| | کاروباری فێرخواز | کارمەند 2 | کارمەند 1 | یاریدەدەر | بەڕێوەبەری بەش |
| | سەرچاوە مرۆییەکان | کارمەند 2 | کارمەند 1 | یاریدەدەر | بەڕێوەبەری کارگێری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کاروباری دارایی | کاشێر | ژمێریاری I | ژمێریاری II | بەڕێوەبەری دارایی |
| | کتێبخانە | یاریدەدەری کتێبخانە | پسپۆری کتێبخانە I | پسپۆری کتێبخانە II | بەڕێوەبەری کتێبخانە |
| | ستافی پشتگیری | فەرمانبەر I | فەرمانبەر II | سکرتێر | سکرتێری جێبەجێکار |
| | سەنتەری گەشەپێدان | فەرمانبەر I | فەرمانبەر II | ڕێکخەری بەش | بەڕێوەبەری سەنتەر |

| پۆستە ئەکادیمیەکان | بەش | ئاستی 4 | ئاستی 3 | ئاستی 2 | ئاستی 1 |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئەندازیاری | تەکنیکی | ئەندازیار I | ئەندازیار II | بەڕێوبەری بەشی ئەندازیاری |
| | IT | تەکنیکی | ئەندازیار I | ئەندازیار II | بەڕێوبەری بەشی IT |
| | | | | | |

| پۆستەکانی تر | بەش | ئاستی 4 | ئاستی 3 | ئاستی 2 | ئاستی 1 |
|---|---|---|---|---|---|
| | شۆفێر | شوفێر | شوفێرو میکانیك | شوفێری پێشکەوتوو | بەرپرسی هاتوچۆ و مەشینەکان |
| | پۆلیس | پ پ 1 | پ پ 2 | پ پ 3 | ڕێپێدراوی 8 |
| | باخەوان | باخەوان I | باخەوان II | باخەوانی شارەزا | ئەندازیاری کشتوکاڵ سەرپەرشتیار |
| | کارمەندی سەلامەتی | پلە I | پلە II | پلە III | بەرپرسی سەلامەتی |

## پاشکۆی C: جێبەجێکردن و پێشخستن

| لیستی ئەرکەکانی | پیاچوونەوەی نیوەی ساڵ | پیاچوونەوەی ساڵانە |
|---|---|---|
| ڕۆژ: | ڕۆژ: | ڕۆژ: |

**هەنگاوی یەکەم**

**ڕیزبەنـدکردنی بەرپرسـیيارێتی و کێشـی هەریـەکێکیان.** وا باشـە کـە بەرپرسـیارێتییەکان دیـاریکراو بـن، شـیاوی پێوانـەکردن بن، کردارەکی بن، و لە ماوەی دیاریکراویشدا ئامانجەکان بپێکن.

**هەنگاوی دووەم**

**پیاچـوونەوەی نیـوەی سـاڵ:** وا باشـە هـەوڵی زیـاتر بـدرێت لـەوەی تـەنها ئەرکـەکان ئـەنجام بـدرێن و ئامانجـە دانراوەکـان بپێکێنرێن. کە بە لانی کەمەوە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات، لە دوای پلانی کاری دانراو.

تەنیا پێشینەی بە ئەنجام گەیاندنەکە. هیچ ڕێژەیەکیش نەدرێت لەو قۆناغەدا.

**هەنگاوی سێیەم**

**هەڵسـەنگاندنی کارەکـان (هەڵسـەنگاندنی سـالآنە):** ئەمـە لەسـەر ئەنجامـەکان و ئامانجـە بەدەسـت هاتووەکـان جـەخت دەکاتەوە و هەروەها هەبوونی پێویستی بە دوانزە مانگی تر بۆ پێشکەوتن و ڕاهێنان.

کە دەبێ بە لانی کەمەوە دوای شەشە مانگ لە پێداچوونەوەی نیوەی ساڵ ئەنجام بدرێت.

**پۆلێنکردنی پێوەرەکان**

**1- تێپەڕانـدنێکی گـەورەی کارمەنـد لـە دەرەوەی ئـەو بۆچـوونانەی لەسـەری هـەبووە:** کارمەنـدی بـەردەوام کـاری زیـاتر ئـەنجام دەدات لـە ئـەرك و پێشـکەوتنی لـە ڕووی پیشـەیی و ڕاییکـاری و باشـترکردنی ئامانجەکانیشـی کـە بـۆی دیـاریکراوە، پێویسـتە خـاوەنی توانسـت و زانیـاری هەمـە لایـەن بێـت دەربـارەی هـەموو لایەنـەکانی کارەکـەی هـەروەها بتوانێـت دەریشـیان ببڕێـت. ئـەم پۆلاندنـەش وەك پێوەرێـك بـەکاردەهێنرێت بـۆ دیـاریکردن و پێزانینـی ئـەو دەسـکەوتە نـا ئاسـییانەی کارمەندەکان، کە کاریگەری لە ڕادەبەدەریان هەیە لەسەر دامەزراوەکە.

2- **تێپـەڕانـدنی پێشـبینییەکان:** کارمەنـد کارەکـانی ئـەنجام دەدات و زۆر جـاریش پێشـبینییەکانی دەربـارەی ئەرکـە سـەرەکییەکانی و ڕاییکـاری پێشخسـتنی پیشـەکەی و باشـترکردنی ئامانجـەکان تـێ دەپـەڕێنێت. ئـەو پۆلاندنـەش کاریگـەرە بۆ بەردەوامی ئەو کارمەندانەی ئەو شتانە بە ئەنجام دەگەێنن کە بە ئاسایی پێشبینی دەکرا.

3- **بـە پێـی پێشـبینیەکان** : بـە گشـتی کارەکـانی کارمەنـد بـە پێـی پێشـبینیەکان دەبێـت بـۆ ئەرکـە سـەرەکییەکان و پێشخسـتنی پیشـەیی و باشـترکردنی ئامانجـەکانی. ئـەو پۆلێنـە وەسـفی ئـەو کارمەندانـە دەکـات کـە ڕەقـن لـە شـێوازی بـە ئـەنجام گەیانـدنی کارەکانیـان، هـەر شـوێنێکیش کـە دەکـرا ڕاییکـاریی باشـتر بوایـە، ئـەوا دەگاتـە شـوێنێك کـە ڕاییکارییەکـە لـە دەرەوەی پێشبینیەکان دەبێت.

**4. کـەمێك بـە پـێی پێشـبینیەکان:** ڕاییکـاری کارمەنـد بـۆ ئەرکـە سـەرەکییەکان و پێشخسـتنی پیشـەکەی و باشـترکردنی ئامانجـەکانی هـەموو کاتێـك بـە پێـی پێشـبینیەکان نابێـت. خـاوەنی زۆر زانیـاری و توانسـتی پێویسـتە بـۆ ئەنجامـدانی

کارەکــانی، بــەڵام ڕاهێنــان و پابەنــدی زیــاتری دەوێــت. ئــەو پۆلێنــەش وەســفی ئــەو کارمەندانــە دەکــات کــە تــەنیا لەگــەڵ کــەمترین پێداویســتی پۆســتەکەی شــیاو دەبێــت، هــەروەها ئەوانەشــی کــە دەکــرێ ڕاپیکاریــان باشــتر بێــت لــە ڕێــی پەرەپێــدان و وەرگرتنی شارەزایی و جێبەجێکردنیشیان.

**5.ڕاپیکــاریی کارمەنــد بــە پێــی پێشــبینییەکان نــەبێت:** بــۆ ئەرکــە ســەرەکییەکانی و پێشخســتنی کارەکــەی و باشــترکردنی ئامانجــەکانی بــە پێــی پێشــبینیەکان نابێــت. هــەروەها زانیــاری پێویســت و توانســتی کــارکردن و پابەنــدبوونی نییــە. ئــەو پۆلێنــەش ئــەو کەســانە دەگرێتــەوە کــە هــیچ هــەنگاوێك ناگرنــە بــەر بــۆ گــۆڕین و باشــتر بــوون، هــەروەها جارجــار ســەرکەوتوو دەبــن لــە کارەکانیــان یــاخود ڕاپیکارییــان بــەرەو خراپــی دەچێت. پــەرەدان و باشــترکردنی خێــرا پێویســت دەبێــت بــۆ بــەردەوام بوون لە کارەکەی.

*ســەرنج: لــە کارمەنــدی تــازە دامــەزراو پێشــبینی ناکرێــت کــە پلانــی پەرەبــەخۆدان ئامادەبکــات، بــەڵام پێویســت دەکــات کــەوا پلانــی تایبــەت بــە باشــترکردنی بەئــەنجام گەیانــدنی ئامانجــەکانیان ئامــادە بکــەن . کــە لــە دوای تــەواوبوونی مــاوەی ئــەزموونی ڕاپیکارییەکانیان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ و بەر لەوەی جێگیر بن لەسەر کارەکانیان.*

## پاشکۆی D: ڕێنماییەکانی کارمەند بە دەوامی تەواو

1. مەرجە بنەڕەتییەکان

لــە گرێبەســتدا هــەموو هــەل و مەرجــەکانی کارمەنــد دەســتەبەر دەکرێــت، لــە ڕۆژی دەســت بــەکاربوونی کارمەنــدەوە لــە زانکــۆ، هــەروەها بــاس لــە هــەموو ئــەو پێداویســتانە دەکــات کــە کارمەنــد دەبێــت پێشکەشــی بــە زانکــۆی بکــات بــە پێــی یاســای کــاری عێراقی.

2. رادەستی و بەرپرسارێتی

هــەموو کارنامــەی کارمەنــد ئــەرك و بەرپرســیارێتێکانی کارمەنــد دەخاتــە بەرچــاو، هەرچــەندە کارنامــە بــەپێی پێداویســتی زانکۆ بەردەوام لە گۆڕاندا دەبێت ئەمەش دوای گفتوگۆ کردن لە سەر گۆڕانکارییەکان.

3. ڕێکەوتی دەست بەکاربوون

ڕۆژی دەستبەکاربوونی کارمەندە لە گرێبەستەکەی زانکۆدا دیاریدەکرێت.

4. پێدانی مووچە

مووچــەی مانگانــە دەدرێــت لــە ڕۆژی کۆتــایی هــەموو مانگیکــدا ، ئەگــەر هــاتوو ڕۆژی کۆتــایی مــانگ پشــووی فــەرمی بــوو ئــەوا ڕۆژێك پێش پشوو مووچە دەدرێت ،پێش وەخت کارمەند لە ڕۆژی پێدانی مووچە ئاگادار دەکرێتەوە.

5. پشووە فەرمییەکانی زانکۆ بریتیە لە:

f. جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز (4 ڕۆژ).

g. جەژنی قوربانی پیرۆز (4 ڕۆژ) .

h. یادی نەورۆز 21 ی ئازار (یەك ڕۆژ).

i. سەرساڵی نویێ 1 ی کانوونی دووەم ( یەك ڕۆژ).

j. سەری ساڵی کۆچی یەکی محرەم ( یەك ڕۆژ)

k. ڕێکەوتی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و سەری ساڵی کۆچی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە ، لەو کاتەدا لەلایەن بەشی کارگێری وسەرچاوەمرۆییەکان کارمەندان ئاگاداردەکرێنەوە لە ڕۆژی دەست پێکردن و کۆتایهاتنی پشووەکە.

l. ئەگەر پشووەکان بکەونە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە ئەوا بە ڕۆژانی کار قەرەبووی ناکرێنەوە

m. ئەگەر ڕۆژێکی کار بکەوێتە نێوان دوو ڕۆژی پشووە, ئەوا بە پشووی فەرمی دانانرێت بەلاّم ئەکرێت کارمەند ئەو ڕۆژە وەك مۆڵەت وەربگرێت دواتر بە ڕۆژێکی کار قەرەبووبکرێتەوە یاخود وەك مۆڵەتی ئاسایی بۆی ئەژماربکرێت .

6. مۆڵەتی سالاّنە

کارمەند مافی 20 ڕۆژ پشووی هەیە ، ئەویش دوای ڕەزامەندی بەرپرسەکەی و بەفەرمی ناساندنی مۆڵەتەکەی، کارمەند قەرەبووی مۆڵەتی کەڵەکەبوو ناکرێتەوە.تەنها لەهەندێك باری تایبەتیدا نەبێت( وەك دەست لە کارکێشانەوەبە پێی ڕێنماییکان) ،

7. مۆڵەتی نەخۆشی

کارمەند لە ساڵێکدا مافی 10 ڕۆژ مۆڵەتی نەخۆشی هەیە (تا دوو ڕۆژ بە ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی لە سیێ ڕۆژ زیاتر پێویستی بە ڕاپۆرتی پزیشکی هەیە)، هەروەها مافی 10 ڕۆژ مۆڵەتی دی هەیە بە بیێ مووچە دوای هێنانی ڕاپۆرتی پزیشکی بڕواپێکراو، ئەرکی کارمەندە کە بەرپرسەکەی (یان جێگرەکەی) لە کاتی نەخۆشیدا ئاگادار بکاتەوە ، بەدەر لەمە کارمەند مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ئەژمار ناکرێت.

8. دەست لەکارکێشانەوە

کارمەند دەبێت ماوەی مانگێك (30 ڕۆژ) بە زانکۆ بدات (لە ڕۆژی دەست لەکارکێشانەوەیەوە) پێش ئەوەی زانکۆ جێبهێڵێ. لە هەمان کاتدا زانکۆ دەبێت ماوەی 30 ڕۆژ بدات بە کارمەند بەر لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی.

9. سزاکان

10. ڕێسا و رینمایی سزاکانی زانکۆ جێبەجیێ دەکرێت لە کاتی پێشێلکاریدا.

11. سکالاّ

کارمەند بۆی هەیە سکالاّی خۆی بکات لە کاتی پێشێلکاری ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بەهاو ئازادی و ئەرکەکانییەوە.

12. بنەما ئاکارییەکان

کارمەند دەبێت پابەند بێت بە بەها ئاکارییەکان و مافە ڕەوا کراوەکانەوە کە واژۆی کردوە لەسەرییان.

13. پاراستنی نهێنییەکان

لـە دەرەوەی زانکـۆ کارمەنـد دەبێـت ڕێـز لـە کـەلتوری زانکـۆ بگرێـت کاتێـك کـە کـارێکی لاوەکـی دی بـە ئـەنجام دەگەیـەنێت بەپێی پێوەرەکانی پێکادانی بەرژەوەندی.

14. پێکادانی بەرژەوەندی.

کارمەند دەبێت نهێنیەکانی زانکۆ بپارێزێت لە کاتی پەیوەست بوونی بە ئەرکی لاوەکییەوە لە دەرەوەی زانکۆ.

15.جگەرە کێشان

زانکۆ پابەندە بە قەدەغەکردنی جگەرە کێشان، هەر بۆیە لە ناو حەرەمی زانکۆدا جگەرە کێشان قەدەغەیە.

16.سەلامەتی و تەندروستی

زانکـۆ بـە تـەواوی پابەنـدە بـە سـەلامەتی و تەندروسـتی کارمەندەکانییـەوە، ئـەرکی کارمەنـدە لـە نـاو زانکـۆ و دەرەوەی زانکـۆ پارێزگـاری بکـات لـە سـەلامەتی و تەندروسـتی خـۆی هـەروەها پارێزگـاری لـە هاوکارەکـەی بکـات لـە کـاتی جێبـەجێکردنی ئەرکەکانی زانکۆ.

17.بەکار هێنانی زانیارییەکان

کارمەند دەبێت پابەند بێت بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی زانکۆوە سەبارەت بە بەکارهێنانی زانیاریکان.

18خاوەندارێتی

کارمەنـد لـە ئـەنجامی جێبـەجێ کردنـی گرێبەسـتدا، هەنـدێك داتـا و زانیـاری و ڕاپـۆرت بەرهـەم دێنێـت کـە مـافی خـاوەن دارێتیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ زانکـۆ، ئـەرکی سەرشـانی کارمەنـدە کـە تـەواوی ئـەو بەرهەمانـە بگێڕێتـەوە بـۆ زانکـۆ پـێش تـەواو بـونی گرێبەسـتەکەی جگـە لـەوەی کـە کارمەنـد دوای کۆتـایی هـاتنی گرێبەسـتەکەی دەبێـت تـەواوی ئەسـتۆ پـاکی بکـات سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی هەموو کەل و پەلی زانکۆ کە لە ئەستۆیدایە.

19. گۆڕانی هەل و مەرجەکان

هـەموو ئـەو بڕیارانـەی لـە ئـەنجامی گـۆڕانی هـەل و مـەرجی گرێبەسـتی کارمەنـددا دێنـە پـێش گفتوگـۆی لـە بارەیـەوە بکرێـت لەگەڵ خودی کارمەندا بەوەی کە هاتووە لە پەیڕەو نامەی کارمەنددا.

## پاشگری E: <u>لیژنەی بەدواداگەڕان (ڕێنمایی دامەزراندن)</u>

1. بـە مەبەسـتی دامەزرانـدنی هـەر کارمەنـدێك لـە هـەر بەشـێك پێویسـتە بەڕێوەبـەری بەشـەکە فـۆرمی (R1 – 310) تایبەت بە داواکاری دامەزراندی کارمەند پڕبکاتەوە.

1. دواتـر سـەرۆکی زانکـۆ (یـان جێگرەکـەی ) لیژنەیـەك پێکـدێنن بـۆ پرۆسـەی هەڵبـژاردن و چـاوپێکەوتن و پشـتگیری کردن.
2. پێویسـتە لـە فۆرمەکـەدا بەڕێوەبـەر هـەموو ئـەو مـەرج و داواکاریانـە بـە ووردی دەستنیشـان بکـات کـە بـە پێویستی دەزانێت لە کارمەندەکەدا هەبێت .
3. پێویسـتە فۆرمەکـە بـە واژۆ کـراوی بگەڕێندرێتـەوە بـۆ بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان بـۆ ئـەنجام دانـی کـاری پێویست.
4. دەبێـت بـە پـێ ی مەرجـەکانی بەڕێوەبـەری بـەش (CV) و فـۆرمی زانیارییـەکان لەبەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان جیابکرێنەوە و بدرێتە دەست لیژنەی هەڵبژاردن بۆ دیاری کردنی گونجاو ترین کاندید.
5. پـاش ئـەوەی لیژنـە گونجـاوترین کاندیـد هەڵدەبـژێرێت پێویسـتە بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان ئاگاداربکاتـەوە لـە ڕۆژو کاتی چاوپێکەوتن بەمەبەستی پەیوەندیکردن پێیانەوە.
6. پێویسـتە بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان کارئاسـانی بکـات لـە دەستنیشـانکردنی کـات و جێگـەی چـاوپێکەوتن و پەیوەندیکردن بە کاندیدەکانەوە بۆ ئامادەبوونیان.
7. پێویسـتە هـەموو پێداویسـتییەکانی چـاوپێکەوتن وەك ( General English Question General Computer Test , English Test) لـە لایـەن بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان و بەشـی IT وە ئامـادە بکرێت.
8. لـەدوای ئـەنجام دانـی چـاوپێکەوتن دەبێـت بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان دۆسـیەك بکاتـەوە بـۆ ئـەو پاڵێوەرەوەکـە تا ئەو کاتەی بڕیاری کۆتای دامەزراندنی یان دانەمەزراندنی دەدرێت.
9. پێویسـتە لـەکاتی دانەمەزرانـدنی هـەرپاڵێوراوێك CV یـان فـۆرمی زانیارییەکـەی لـە بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان هەڵبگیرێت بۆ ڕۆژو کاتی پێویست.

**ڕێنمایی چاوپێکەوتن**

1.لـەکاتی چـاوپێکەوتن لەگـەڵ هـەر کاندیـدێك پێویسـتە پێشـتر کاندیـد ئاگـادار کرابێتـەوە لـە ڕۆژو کـاتی دیـاریکراوی چاوپێکەوتنەکە.

2. لەکاتی ئامادەنەبوونی کاندید لە وادەی دیاری کراوی خۆیدا پێویستە چاوپێکەوتنی کاندید دوابخرێت.

3. هـەر دواکـەوتنێك کاندیـد لـە کـاتی تـەرخانکراو بـۆ چـاوپێکەوتنی دەبێتـە هـۆی کـەم کردنـەوەی هـەلی وەرگرتنی.

4. ڕۆژێـك پـێش ئامـادەبوونی کاندیـد دەبێـت بەشـی سەرچـاوە مرۆییـەکان لیژنـەی چـاوپێکەوتنی تایبـەت بـە هەڵسەنگاندنی ئەو کاندیدە ئاگادار بکاتەوە.

5.کاندید هەڵدەبژێرێت بە پێی تێستەکان و کۆی نمرەی چاو پێکەوتن وەك لای خوارەوە:

a– تێستی گشتی (پرسیارە گشتییەکان)

b– تێستی زمانی ئینگلیزی

c– تێستی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر

d– تێستی پسپۆڕێکەی (بە پێویستی بەشەکە)

6.پێویستە (CV) و فۆرمی زانیاری کاندیدەکان ئامادەبکرێن و وێنەی لێبدرێتە ئەندامانی لیژنە.

7. لەدوای تەواوبوونی چاوپێکەوتن پێویستە کاندید ئاگادار بکرێتەوە کە لەلایەن زانکۆ وە پەیوەندی پێوەدەکرێتەوە لەکاتی سەرکەوتنی لە چاوپێکەوتنەکەدا.

8.لیژنەی چاو پێکەوتن بۆ ی هەیە داواکاری دیکەی هەبێت لە کاندید بۆ مەبەستی چڕکردنەوەی هەڵبژاردن گەر کێبڕکێکەی نێوان کاندیدەکان چڕبووەوە.

## پاشگری F : رێنمایی مۆڵەت وەرگرتن

1. پرۆسە
2. کارمەند بە گرێبەستی زیاتر لە ساڵ ، تەنها 14 رۆژ لە مۆڵەتی کەڵەکەبوویساڵەکەی بۆ ئەژمار دەکرێت لە گرێبەستی ساڵی نویدا، مۆڵەتی کەڵەکەبووی نەخۆشی ساڵانە ئەژمار ناکرێت بۆ ساڵی ئاییندە.
3. بەڕێوبەرەکان مافی 24 رۆژ مۆڵەتی ئاسایان هەیە لە ساڵێکدا 5 رۆژی لە وەرزی پایزدا وە 5 رۆژی لە وەرزی بەهاردا وە ماوە رۆژێك مۆڵەتی ئاسایی رۆژانە بۆی ئەژمار دەکرێت بە 0.53 ی کاتژمێرك لە 8 کاتژمێردا ، وە 10 رۆژ بۆ مۆڵەتی نە خۆشی کە بە 0.22 ی کاتژمێك رۆژانە ئەژمار دەکرێت.
4. کارمەند مافی 20 رۆژ مۆڵەتی ئاسایان هەیە لە ساڵێکدا 5 رۆژی لە وەرزی پایزدا وە 5 رۆژی لە وەرزی بەهاردا ، وە ماوە 10 رۆژێك مۆڵەتی ئاسایی رۆژانە بۆی ئەژمار دەکرێت بە 0.22 ی کاتژمێرێك لە 8 کاتژمێردا ، وە 10 رۆژ بۆ مۆڵەتی نە خۆشی کە بە 0.22 ی کاتژمێرێك رۆژانە ئەژمار دەکرێت.
5. بۆ کارمەند دەوامی ناتەواو بەپێی رێژەی دەوامی مۆڵەتی بۆ ئەژمار دەکرێ، نموونە ئەگەر 4 کاتژمێر دەوام بکات رێژەی نیو مۆلەت ئەژمار دەکرێت.
6. کارمەند لە کاتی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی زیاتر لە 7 رۆژ ، ئەژماری مۆڵەتی رۆژانەی ڕادەگیرێ .
7. لە ئەژماکردنی مۆڵەتدا ساڵ 12 مانگە، مانگ 30 رۆژە، رۆژ 8 کاتژمێرە.
8. مۆڵەتی کەمتر لە نیو کاتژمێر (سی خولەك) نادرێ.
9. سیستەمی ئەژماری مۆڵەت تەنها کاردەکات لەسەر دوو خانەی سەدی (دوای سفر).

   کارمەند لە ماوەی تێستدا (راهێنان)، مۆڵەتی بۆ کەڵەکە دەبێت بە لام مافی وەرگرتنی مۆڵەتی نییە.
10. کاتژمێری زیادەی کارکردن بۆ کارمەند ئەژمار دەکرێ لەسەر مۆڵەتی ئاسایی (دوای پشتگیری بەرپرسەکەی).
11. کارمەندی غایبی بێ مۆڵەت سزاکەی داگرتنی مۆڵەتیەتی بە رێژەی یەك بەرامبەر بە سێ (بە مەرجێك لە 20٪ مۆڵەتی کەڵەکەبووی تێنەپەڕی ، ئەگەر نا سزای دی کە دەسەپێنرێ).

12. کارمەند هاندەدرێ کە مۆڵەتی ڕێگەپێدراوی خۆی وەربگرێ ، چونکە لەسەر قەرەبووی دارایی ناکرێتەوە کەڵەکەبوونی مۆڵەتی ئاسایی ساڵانە

1. هەموو کارمەندێك پێویستە ڕۆژێك پێشتر( 24 کاتژمێر) بەڕێوەبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە لە پێویستی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ڕۆژی داهاتوو. پێویستە بەڕێوەبەری بەشەکان ڕەزامەندی مۆڵەت نەدەن بە کارمەندەکانیان تا لە بوونی ڕەصیدیان دڵنیا نەبن.
2. پێویستە بەڕێوەبەری بەشەکان ئاگاداری ڕەصیدی مۆڵەتی کارمەندەکانیان بن (دەتوانن پەیوەندی بکەن بە بەشی سەرچاوە مرۆییەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە).
3. پێویستە هیچ بەڕێوبەرێك ڕەزامەندی نەدات لەسەر پێدانی مۆڵەت بە کارمەندەکەی لەرێگەی هێڵەکانی پەیوەندیەوە لەکاتی ئامادە نەبوونی خۆیدا. تە نها لە کاتی زۆر پێویستدا , بەڕێوەبەرەکان دەتوانن ڕەزامەندی بدەن بە و جۆرە مۆڵەتە (ئەگەر کارمەند ڕەصیدی مۆڵەتی هەبوو).
4. پێویستە خاوەن مۆڵەت فۆڕمی تایبەت ( $311 - L1$ ) بە وەرگرتنی مۆڵەت پڕبکاتەوە و ناو و پۆست و بەش و جۆری مۆڵەت و ماوەی مۆڵەتی خایەنراو دیاری بکات.
5. پێویستە خاوەن مۆڵەت لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت دا جێگرێك دەستنیشان بکات لە شوێنەکەی بە مەبەستی بەردەوامی کارو با ری زانکۆ لە ماوەی ئامادەنەبوونی. (لە کاتێکدا کارمەند جێگری نەبوو دەتوانرێ لە فۆرمی مۆڵەتدا ئاماژەی پێبدرێ).
6. جێگر ی کارمەندی مۆڵەت دراو تەنها کارەکانی ڕۆتینی ڕۆژانەی ناوبراو دەگرێتە دەست، مەرج نیە دەسەڵاتە کارگێری و داراییەکان بگرێتە ئەستۆ.
7. پێویستە فۆڕمی مۆڵەت واژۆی خاوەن مۆڵەت و بەرپرسی ڕاستەوخۆی کارمەند و جێگرەوەی خاوەن مۆڵەتی لەسەر بێت.
8. نابێت هیچ کارمەندێك داوای مۆڵەت بکات لە کاتی تەواو بوونی ڕەصیدی مۆڵەتی ئاسایی ساڵانەی خۆی

## پاشکۆی G: ئامادەبوون

1. ئەم ڕێسایە دانراوە بۆ ئاگادارکردنەوەی کارمەند لە سەر کارکردنی ڕۆژانەیانە.
2. ئەم ڕێسایە بەسەر تەواوی کارمەندانی زانکۆدا جێبەجێدەکرێت ( مامۆستایی ئەکادیمی کارمەندی جێگیر وکاتی).

3. کارکردنی ڕۆژانە بەو واتایەی کارمەند کار بۆ زانکۆ دەکات لەدەرەوە یان لە ناو بینایی زانکۆدا بێت.

4. ڕێساکە لە 2011/12/1 کاری پێدەکرێت ، ڕۆژەکانی کارکردن بریتی دەبێت لەیەك شەممە بۆ پێنج شەممە. ڕۆژانی هەینی وشەممە پشوو دەبێت.

5. کاتەکانی کارکردن واتە ئەو کاتانەی پێویستە کارمەند تیایدا کار بۆ زانکۆ بکات لە دەرەوەی یان لە ناو بینایی زانکۆدا بێت، کاتی کارکردن بریتی دەبێت لە 8ی بەیانی تا 5 ی ئێوارە.

## پاشکۆی H: ڕاهێنانی پیشەیی کارمەند

لە بەشداری کارمەند بۆ خولی ڕاهێنان دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە بە هێند وەربگیرێت:

1. کارمەند دەبێت ڕەزامەندی بەرپرسەکەی وەرگرتبێت بۆ بەشداری لە خولەکانی گەشەپێدانی تواناداا.
2. گرنگی بەشداری کارمەند لە و خولانەدا دەبێت پشتگیری کرابێت لە هەڵسەنگاندی کارمەندی ساڵانە.
3. کارمەند ئامادە بێت لە سەر ئەرك و خەرجی خۆی و کات تەرخان بکات بۆ خولەکان، بە ڕێژەی 50٪ ی تێچوون و تەنها 2 کاتژمێر لە کاتی دەوامی هەفتانەی خۆی.
4. بۆ ماوەی ساڵێك کارمەند کارەکانی بەردەوامی پێبدات لەگەڵ زانکۆ لە بەشداری کردنی لە ووتنەوەی خولەکانی سەنتەری کارو گەشەپێدانی پیشەیی بەوەی کە هاتووە لە پرۆگرامی سەنتەری ناوبراودا.
5. تەواو پارێزگاری بکات لە نهێنی بەرنامەو زانیاری و ناوەڕۆکی خولەکان و دۆکومینتەکانی سەنتەری کارو گەشەپێدانی پیشەیی.
6. هاوکاری تەواوی سەنتەری کارو گەشەپێدانی پیشەیی بکات لە داڕشتن و ووتنەوەو پلانکاری خولەکان.
7. پلانکاری ئامادە بکات بۆ پرۆگرامی ساڵانەی سەنتەری کارو گەشە پێدانی پیشەیی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ڕۆڵی کارمەندەوە.
8. ئەم خزمتگوزاریە تەنها لە ناو زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا پێشکەش بکات.
9. ئامادەبێت بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ زانکۆ کاربکات لە ڕۆژی دەست لە کارکێشانەوەی لە پۆستەکەی.
10. هەوڵ بدات بابەتی خولەکان گەشە پێبدات بەوەی کە پەیوەندی بە پرۆگرامی سەنتەری کارو گەشەپێدانی پیشەییەوە هەیە.

## پاشکۆی I : هەڵسەنگاندن

لە هەڵسەنگاندی کارمەندد ئەم ستاندەرانە پەیڕەو دەکرێ:

1. بە ئامادەبوونی کارمەند ئەرکەکانی کارمەند دەنوسرێتەوە و پلەی لە سەر دادەنرێ وەك لای خوارەوە

a- پلەی زۆر لاواز D: نەبوونی زانیاری و توانا و شارەزایی.
b- پلەی لاواز W: هەندێك زانیاری هەیە بەڵام پێویستی بە پەرەسەندن هەیە.
c- پلەی مام ناوەند C: زانیاری باشە بەڵام پێویستی بە پەرەپێدانی تواناى هەیە.
d- پلەی باش G: ئەرکەکانی جێگای رەزامەندی سەرپەرشتەکانە.
e- پلەی نەگونجاوە N/A: هێشتا ئەو ئەرکە داوا نەکراوە لێی.

2. دوا بەدوای ئەمە پلە کارییە بەرپرسی هەڵسەنگاندن پێشنیاری خۆی دەنووسێتەوە، جگە لەوەی کە لەسەرەوە ئاماژە پێکراوە، دەبێ پێشنیارەکان ئەو هەنگاوانە باس بکات کە لە لایەن کارمەندەکەوە بگیرێتە بەر لە ماوەی دوای هەڵسەنگاندنەکە.
3. دواتر سەرپەرەشتیاری هەڵسەنگاندن خاڵە بەهێزەکانی کارمەند دەنووسێتەوە، گەر هەبوو.
4. دوابەدوای خاڵە بەهێزەکان سەرپەرشتیاری هەڵسەنگاندن دەبێت سەرنج و تێبینیەکانی خۆی بخاتە روو سەبارەت بە کەم و کورتی ئەدائی کارمەند و شکستەکانی ئەرکەکان.
5. ئەم سەرنج و تێبینانە دەبێت بگۆردرێت بە پێشنیار بۆ کارمەند بۆ ئەوەی ئەدائی کارمەند باشتر بکرێت، ئەگەر چی گۆرانکاریش پێوست بکات لە کارنامەی کارمەند دەبێت ئاماژەی پێبدرێت.
6. لە کۆتایی هەڵسەنگاندنەکە، سەرپەرشتیاری هەڵسەنگاند دەبێت پێشنیاری خۆی بکات سەبارەت بە رۆڵی ئایندەی کارمەند لە زانکۆ ئەوەی پەیوەندی هەیە بە هەلو مەرجی گرێبەستەکەی کارمەندەوە.

## پاشکری J : لادان لە سەر کار

زانکۆ (گەر پێویستی کرد) کارمەند لەسەر کار لادەبات لەم بارانەی لای خوارەوە:

1. دووبارەکردنەوەی پێشێلکاری (بۆ جاری سێیەم).
2. گەیاندیی زیانی ماددی بە زانکۆ (قەرەبوو نەکردنەوەی)
3. لادان لە پەیرەوی زانکۆ ئەوەی پەیوەندی هەیە بە رێسا و رێنماییەکانەوە .
4. کاتێك کارمەند بە سەرخۆشی و بێهۆشی ئامادەدەبێت لە زانکۆ.
5. دەستدرێژی جەستەیی بۆ سەر هەر کارمەندێکی دی زانکۆ.
6. حوکمی دادگا بدرێت بۆ ماوەی ساڵێك (ئەگەر چی غیابیش بێت).
7. دابڕان لە زانکۆ بۆ ماوەی زیاتر لە 10 رۆژی بەردەوام بە بێ رەزامەندی.
8. غیابی 20 رۆژی هەبێت لە ساڵێکدا.

9. کارمەندی لابراو لە سەر پۆستەکەی بێبەش دەبێ لە هەموو مافەکانی (دەکرێ داوای قەرەبووی لێبکرێتەوە لە بەر دەم دادگا گەر هاتوو پابەند نەبوو بە جێبە جێکردنی داواکارییەکانی زانکۆ).

## پاشگری K : ڕێ و شوێنەکانی سکاڵاکردن

1. هەنگاوەکانی سکاڵاکردن بۆ کارمەند:

a. کارمەند دەبێت بە فۆرمی تایبەت سکاڵا پێشکەش بە بەرپرسەکەی بکات.

b. دواتر کارمەند دەبێت چاوەڕیێ ڕێنمایی بێت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کەیسەکەیەوە.

c. بەرپرسی کارمەند دەبێت کار لەسەر فۆرمی سکاڵا بکات و هەنگاوی پێویست بنێت بۆ چارەسەری شیاو دوور لە پەرەپێدانی کێشەکە.

d. گەر پێویستی کرد بەرپرسی کارمەند داوا بکات بە پێکهێنانی لیژنەی بە دوادا چوون بۆ چارەسەری کێشەکە ( دوا وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ).

e. زانکۆ لیژنەی تایبەت دادەمەزرێنێت بۆ لێکۆڵینەوە (بە پێی ئاستی پۆست)

f. لیژنەی ڕێکخراو دەبێت لە ماوەی 15 ڕۆژدا حوکمەکانی خۆی دەربکات، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کەیسەکەوە.

g. دواتر حوکمەکانی لیژنەکە لە سەر کەیسکە لە جێی حوکمی زانکۆ دەبێت.

2. حوکمەکانی زانکۆ بۆ پێشێلکاری کارمەند

a. بەئاگاهێنانەوەی کارمەند ( زارەکی دواتر بە نوسراو)

b. بڕینی مووچە بە پێی پێشێل کاری (بە مەرجیك لە 20٪ تێنەپەڕێت لە مووچەی کارمەند)

c. ڕاگرتنی گۆڕینی پلە و پایەی کارمەند بۆ 6 مانگ (گەر شیاو بوو)

d. وەستانی بەرزکردنەوەی ئاستی ناونیشانی کارمەند بۆ ساڵێك

e. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کارمەند، دەستبەرداربوونی خزمەتگوزاری کارمەند.

## پاشگری L: بەرنامەی ئاشنابوون بۆ کارمەندی نوێ

پرۆسە

1. ناردنی نامەی بەخێر هاتن بۆ کارمەند لە لایەن بەرپرسەکەیەوە، کە تیایدا کارنامەی کارمەند (ئەرکەکانی) روون کرابێتەوە.
2. رێگەدان بە کارمەند تا پەیڕەونامەی کارمەند بخوێنێتەوە لەگەڵ دۆکویومێنتەکانی سەبارەت بە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، پاراستنی نهێنی و بەها ئاکارییەکان.
3. هێنانی ئەم دۆکومێنتانەی لای خوارەوە لە لایەن کارمەندەوە بۆ بەشی سەرچاوە مرۆییەکان:
   a– کوپی ناسنامە، رەگەز نامە، کۆدی ئاسایش.
   b– وێنەی ئەسڵی بڕوانامەی کارمەند.
   c– دوو وێنەی فۆتۆگرافی کارمەند.
   d– نامەی پشتگیری خاوەن کاری پێشوو( گەر هەبێت).
4. خوێندنەوەی گرێبەستی تایبەت بە کارمەند
5. ناساندنی کارمەند بە کارمەند و ئەندامانی زانکۆ
6. نەخشە و جوگرافیای کەمپی زانکۆ بە کارمەند بناسنرێت ناساندنی.
7. ژمارە تەلەفونی پێویستیەکان بدرێت بە کارمەند
8. فێرکردن کارمەند لەسەر سیستەمی بەکارهێنانی کۆمپیوتەروئنتەرنێت و ئمێڵ تایبەت بە زانکۆ.
9. پیشاندانی کارمەند بە جێگاو رێگای کارکردنی لە ناو زانکۆ.
10. ئاشناکردن کارمەند بە هەنگاوەکانی سەلامەتی لە کاردا.
11. تەرخانکردنی جێگای وەستانی ئۆتۆمۆبیلی کارمەند (گەر هەبوو)
12. کارمەند دەبێت واژۆ بکات لەسەر فورمی $OR\ \ 1-310$ ئاشنابوونی تەواوی هبێت بە زانکۆ و کۆمەڵگەی زانکو